# بەڕێوەبەری گشتیی کەشناسی و بوومەلەرزەی هەرێمی کوردستان: مەترسیی وشکەساڵی نەماوە

ئەو شەپۆلە بەفر و بارانبارینەی دوو ڕۆژە باشووری کوردستانی گرتووەتەوە، پێشبینی دەکرێت ئەمشەو کۆتایی بێت، بەڵام دوای دوو ڕۆژی دیکە دەستپێدەکاتەوە. بەڕێوەبەری گشتیی کەشناسیش دەڵێت: مەترسیی وشکەساڵی نەماوە.

فازڵ ئیبراهیم، بەڕێوەبەری گشتیی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان لەبارەی ئەو شەپۆلە بەفر و بارانبارینەی دوو ڕۆژە باشووری کوردستانی گرتۆتەوە ڕایگەیاندوە: بڕێکی باش باران باریوە. شەپۆلەکەی ئێستا تاوەکو کۆتایی شەو بەردەوام دەبێت و ئەمڕۆ چوارشەممە کەشوهەوا ئاسایی دەبێتەوە. بەڵام پاشنیوەڕۆی هەینی 2018/2/16 دووبارە شەپۆلێکی دیکەی باران بارین دەستپێدەکاتەوە.

لەبارەی کۆی بارانبارینی ئەمساڵ، بەڕێوەبەری گشتیی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی ئاماژەی بەوە کرد کە لە بەشێکی ناوچەکانی کوردستان ئاستی بارانبارین لە ساڵی ڕابردوو نزیکبۆتەوە، ئەمەش ئەگەری وشکەساڵی ڕەواندۆتەوە.



بەپێی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی، بڕی بارانبارین لە24 کاتژمێری ڕابردوو، کۆی بارانی ئەمساڵ و بەراورد بە ساڵی ڕابردوو بەمشێوەیە:

– هەولێر: لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا 12 ملیم باران باریوە. کۆی گشتی ئەمساڵ گەیشتووەتە 125.8 ملیم. ساڵی ڕابردوو تاوەکو ئەمکاتە 179.4 بووە. سلێمانی: لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا 64.6 ملیم باران باریوە. کۆی گشتی بووەتە 274.9 ملیم. ساڵی ڕابردوو 290.1 ملیم بووە. دهۆک: لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا 17.5ملیم باران باریوە. کۆی گشتی بووەتە 155.6ملیم. ساڵی ڕابردوو 208 ملم بووە. کەرکووک: لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا 4.2ملیم باران باریوە. کۆی گشتی بووەتە 56.4 ملیم. ساڵی ڕابردوو 128.7 بووە. هەڵەبجە: لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا 5 ملیم باران باریوە. کۆی گشتی بووەتە 137.2ملیم. ساڵی ڕابردوو 221.6ملیم باران باریوە.

# ئەحمەد کانی لە پێشوازی باوکی پێشمەرگەیەکی بێ سەرو شوێنی دەستی داعش کرد



ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە تاریق ڕەفیقی باوکی ئاسۆ کرد کە پێشمەرگەیەکی دیلی دەستی داعشە لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی دیکەی قارەمان و تا ئێستاش بێ سەرو شوێنە.

لەو دیدارەدا بەرپرسی لقی دوو ئاماژەی بە قارەمانێتی و چاو نەترسی پێشمەرگە کرد و گوتی: لە ماوەی نزیکەی چوار ساڵدا پێشمەرگە ڕووبەڕووی دڕندەترین تۆڕی تیرۆریستی لە جیهان بۆوەو مەترسیەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان و زۆرێک لە ناوچەکانی عێراقیش دوورخستەوە کەدوای لەدەستدانی موسڵ بە بێ بەرگری بە چەک و تفاقەوە خستبویانە دەستی داعش.

بەرپرسی لقی دوو هیوای خواست پێشمەرگە دیلەکان بە سەلامەتی بگەڕێنەوە نێو خانەوادەو کەسوکاریان و پێی وابوو ئەوان مێژوویەکی پڕ لە سەروەریان بۆخۆیان تۆمار کردووە بە بەرگە گرتنیان لەدەستی تیرۆریستانی داعش.

# وەزیری ئەوقاف پەیمانگای کوردستانی بۆ وتاربێژی بەسەرکردەوە



د. پشتیوان سادق عبداللە وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەوەکالەت بە ئامادەبوونی د. دیار جەباری بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی بە وەکالەت و سەید سدیق کەپرانی بەڕێوەبەری پشکنین سەردانی پەیمانگای کورستانی بۆ پەرەپێدانی وتاربێژان لەشاری هەولێر کرد و لەلایەن د. بەشیر خەلیل حەداد بەڕێوەبەری پەیمانگا و شێخ ئیبراهیم بەرزنجی بڕیاردەری پەیمانگا و مامۆستایان پێشوازیان لێکرا.

لەوتەیەکدا کە بۆ مامۆستایانی بەشداربوو پێشکەشی کرد وەزیری ئەوقاف دەستخۆشی لەبۆردی وەزارەتی ئەوقاف کرد کە توانیان لەم کاتەدا پەیمانگای کوردستان بکەنەوە، و پیرۆزبایی خۆشی ئاڕاستەی سەرجەم مامۆستایانی ئایینی و بەشداربووان کرد کە وەک یەکەمین خولی پەیمانگا بەشدارییان کردووە کە لە مامۆستایانی هەموو پارێزگاکانی کوردستان پێکدێت، دواتر وردەکاری و پێویستی کردنەوەی پەیمانگای کوردستانی خستەڕوو کە بەپێی خاڵی سێیەم لە ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی ڕێکخستنی گوتاری ئایینی ساڵی 2016 بڕیاری کردنەوەی لەسەر دراوە، تەئکیدیشی کردەوە کە بەشێوەی قۆناغ بە قۆناغ سەرجەم مامۆستایانی ئایینی کوردستان بەشدار دەبن لە خوێندن لە پەیمانگای کوردستان کە ئامانج لێی پەرەپێدان و پێشخستنی مامۆستایانی ئایینی کوردستانە لەنزیکەوەش گفتوگۆی لەگەڵ مامۆستایان کرد و دواتر هۆڵ و بەشەکانی پەیمانگای کوردستانی بەسەرکردەوە و وەزیری ئەوقاف بڕیاریدا بەدابین کردنی سەرجەم ئەو پێداویستیانەی کە ماوە دابین

# بەرپرسی لقی 24ی سەفین: سوپاسنامەی بەخشیە مامۆستایانی پەیمانگای تەکنیکی شەقلاوە



بەمەبەستی ڕێزلێنان لە کاروماندوبوون ودڵسۆزی لە ئەرکی پیشەیی خۆیان و خەباتی پارتایەتیان، لەبارەگای لق هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی لقی 24ی سەفین، بەبەشداری بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی لق، سوپاسنامەی ڕێزلێنانی بەخشیە چەند سەرۆک بەش وچەند مامۆستایەکی پەیمانگای تەکنیکی شەقلاوە کە لەلایەن ڕێکخراوی زانست بۆیان ڕێکخرابوو. لەکاتی بەخشینی سوپاسنامەکان، بەرپرسی لقی 24ی سەفین، لە وتەیەکدا ڕۆلی مامۆستایانی بەرزنرخاند، کە لەو ماوەیەدا بەهۆی پێشهاتەکانی قەیرانی دارایی مامۆستایان لەرۆلی خۆیان سلیان نەکردۆتەوە و خزمەتی پرۆسەی پەروەردەیان کردووە و نەیانهێشتووە بۆشایی کارگێڕی و پەروەردەیی دروست بێت، ئەمەش شانازییە بۆ مامۆستایان کە بتوانن بەرپرسیاریەتی مێژووی خۆیان بە پیرۆزی و گرنگییەوە تێپەڕێنن، ئێمەش وەکو پارتیمان ئەو هەلوێستە بەرز دەنرخێنین هەمیشە لەهەنگاوەکانی کارو پێشکەوتن و پرۆسەی پەروەردە هاوکاریان دەبین تاکو لە سەرکەوتن و کاری پیرۆزی پەروەردە بەردەوام بن، هاوکات لەپاڵ پرۆسەی پەروەردەوە خزمەت و ئەرکی پیرۆزی نەتەوایەتیش بەجێ بگەیینن.

# گرێبەستی کشتوکاڵی عەرەبە هاوردەکانی سەردەمی ڕژێمی بەعس هەڵدەوەشێنرێتەوە

**خەبات – سەبریە یوسف:**

بەمەبەستی گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی کشتوکاڵی عەرەبە هاوردەکانی سنوری ناحیەی مەیدان و قۆرەتوو، سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان لەگەڵ جێگری بەڕێوەبەری کشتوکاڵی دیالە و وەفدێکی یاوەری کۆبەوەوە. بەپێی ڕاگەیەنراوی ئیدارەی گەرمیان کەوێنەیەکی بەخەبات دراوە، هاتووە: لە کۆبوونەوەکەدا کە هەریەکە لە جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارە و بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان و بەڕێوەبەری کشتوکاڵی خانەقین ئامادەبیوون، تاوتوێی چۆنێتی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی کشتوکاڵی عەرەبە هاوردەکانی سنووری ناحیەکانی قۆرەتوو مەیدان کرا و هەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان و بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی دیالە بۆ ڕاییکردنی ئەو مامەڵانە باسی لیوەکرا.



لەراگەیەنراوەکەدا ئەوە هاتووە جێگری بەڕێوەبەری کشتوکاڵی دیالە گوتویەتی: ئێستا لەپارێزگای دیالەوە دەستکراوە بە ئەنجامدانی مامەڵە بۆ ئەو خاوەن گرێبەستانەی کە زەوییەکانیان دەکەوێتە سنووری ناحیەکانی قۆرەتوو و مەیدانەوە و سەرجەمیان قەرەبوو دەکرینەوە و گرێبەستەکانیان هەڵدەوەشێنرێتەوە. بەمەش لەڕووی یاساییەوە کۆتایی بەو پرۆسەیە دەهێنرێت کە ڕژێمی پێشوو موڵک وماڵی هاوڵاتیانی کوردی داگیردەکرد و دەیدایە عەرەبە هاوردەکانی باشور و ناوەراستی عێراق. هەر بەپێی ڕاگەیەنراوەکە سەلاح کوێخا سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان وێڕای دەستخۆشی لە هەوڵ و ماندووبونیان ئومێدی خواست کارەکانیان بەشێوەیەکی ڕێک و پێک ئەنجام بدەن، و ناحیەکانی مەیدان و قۆرەتووی ڕاسپارد لەڕێگەی لیژنەکانیانەوە لەپرۆسەی تەخمین کردنی ئەو زەوییانەدا هەماهەنگی کشتوکاڵی گەرمیان لیژنە کشتوکاڵییەکانی پارێزگای دیالە بکەن وهاوکاری تەواویان بکەن لە ئەنجامدانی کارەکانیاندا.

# کچەکا ئێزدی یا 12 سالی ژ ڕەقە تێ ڕزگارکرن

بەرپرسێ نڤیسینگەها ڕزگاربوویێن ئێزدی دیارکر کو کچەکا ئێزدی د ژیێ 12 سالییێ دا تێ ڕزگارکرن، بەلێ خێزانا وێ هێشتا د دەستێ داعشێ دا مابنە.

حسێن قائیدی، بەرپرسێ نڤیسینگەها ڕزگاربوویێن ئێزدی ل پارێزگەها دهۆکێ، ڕاگەهاند: ڕۆژا دووشەمبی 2018/2/12 کچەکا ئێزدی یابەرزەبووی و ڕەڤاندی ژ ئالییێ تیرۆرستێن داعشێ ڤە ل باژێرێ ڕەقە ل سوریا هاتە ڕزگارکرن و گۆت: هەتا نها ژی هێشتا دایک و خووشکەکا وێ د ناڤ دەستێن داعشێ دا مابنە.

ئاشکرا ژی کر کو: ئەڤ کچە پشتی ئازادبوونێ دیار دکەت کو وێ ژیانەکا گەلەک سەخت د ماوێ سێ سالێن بۆری دا بۆراندیە و گەلەک هاتیە ئازاردن و زمانێ کوردی ژی ب تمامی ژبیرکریە.



**سوپاس و پێزانین**

سوپاسی هەموو دۆست و کەسایەتی و خەڵکی کوردستان دەکەین کە لە پرسەی خاڵی ئازیزمان بەشداربوون. زۆر سوپاس بۆ بەڕێزان: پارێزگای هەولێر و وەزیری پەروەردە و ئەحمەد کانی بەرپرسی لقی دوو، عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییە کوردستانییەکان و بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر و سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و بەڕێوەبەری ئەوقافی هەولێر و سەرۆکی کۆمەڵەی قورئانخوێنان و خەڵکی سۆران و دەڤەری باڵەکیان و مامۆستایانی ئایینی و قورئانخوێنان و گشت چین و توێژەکان، زۆر سوپاس بۆ هەموو لایەک.

**مەلا مازن جەعفەر بەزاز**

**جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی قورئانخوێنانی کوردستان**

# بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆی کوردستان کارەکانی دەستپێکردنەوەی پرۆژەی ئاوی دەربەندیخان

لەگەڵ هاتنەپێشەوەی قەیرانی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان، پرۆژەی ئاوی دەربەندیخان وەک تەواوی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەستا، بەڵام جیا لە پرۆژەکانی دیکە، بە بڕیاری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی کە لە سەردانی ڕۆژی 14ی تشرینی دووەمی 2017 بۆ دەربەندیخان دای، پرۆژەکە بوودجەی بۆ تەرخانکراو دەستی پێکرایەوە، بۆ بەسەرکردنەوەی قۆناغەکانی کارکردنیش لەو پرۆژەیە بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆی کوردستان سەردانی دەربەندیخانی کرد.

ئەندازیار مەسعود کاڕەش بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆی هەرێمی کوردستان بە یاوەری ناسیح مەلا حەسەن قایمقامی قەزای دەربەندیخان و ژمارەیەک لە شارەزایان و ئەندازیاران، سەردانی پرۆژەی ئاوی دەربەندیخانی کرد کە ماوەیەکە کارەکان تێیدا دەستی پێکراوەتەوە. وێڕای دەستخۆشی کردن لە ئەندازیار و کرێکارانی پرۆژەکە کە قۆناغی باشیان لەو ماوە کورتە بۆ تەواوکردنی پرۆژەکە تەواو کردووە، ئومێدی خواست کە لە ماوەی دیاریکراوی خۆیدا پرۆژەکە لەلایەن کۆمپانیای جێبەجێکار لە6 بۆ 8 مانگ تەواو بکرێت و ئاو بگەیەننە هاوڵاتیانی ئەو ناوچەیە. جێی باسە دوای بوومەلەرزە بەهێزەکەی شەوی 12ی تشرینی دووەمی 2017 کە لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دا، لە نێوانیشیاندا دەربەندیخان کە زیانێکی زۆری بەرکەوت، ڕۆژی14 ی تشرینی دووەمی 2017 نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بە یاوەری قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و نەوڕۆز مەولود وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و ژمارەیەک لە وەزیرانی دیکەی کابینەکەی، سەردانی دەربەندیخانی کرد. لەو بەسەرکردنەوەیەدا سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بەڵێنی بە هاوڵاتیانی ناوچەکە دا دەست بە پرۆژەی ئاوی دەربەندیخان دەکەنەوە کە بەهۆی بارودۆخی سەختی ئابووری هەرێمی کوردستان وەک زۆرێک لە پرۆژەکانی دیکەی خزمەتگوزاری وەستابوون.